# کارەساتی ئاسیاو مەرگە ساتێکی تر

حامد ئەیوب

30.12.2004

ئەوە چەند ڕۆژێکە ووێنە مەرگ بارەکانی کارەساتی ئاسیا لە ڕێی ی شاشەی تەلەفزیۆنەکانی دنیاوە دەبینین ، هەموو سەرە کاتژمێریک لەڕادیۆکانەوە گوێ بیستی بەرزبونەوەی ڕێژەی قوربانیان و فراوان بونەوەی ئەو تراژیدیا گەورەیە دەبین...

بەهۆی بومەلەرزەیەکی توندو بەهێزەوە کە ڕێژەی گەیشتە ( 8.90 ) بەپێوانەی ڕیختەر،وولاتانی هیندستان ، تایلاند ، ئەندەنوسیا ، سریلانکا ، مالدیفا ، مالیزیا و هەندێ ناوچەی تری کردە سەر زەمینی هەلوشینی گیان و جەستەی مرۆڤەکان..

بەدرێژایی مێژوویی بوونی مرۆڤایەتی زۆر جار سروشت دڵ ڕەقانە مامڵەی لەگەڵ بونەوەرو مەخلوقەکانی دەستی خۆی کردوە ، وەک بڵێ ی تۆڵەیەکی هەق لێ نەسەندراویان لێ بکاتەوەو سزایەکی گەورەیان بدات بۆئەوەی چیدی جورئەتی ئەوە نەکەن بەرامبەرکێ و ململانێ ی لەگەڵ سەروی خۆیان ( واتە سروشت ) بکەن و لەهەولی دەستەمۆکردن و بەکۆیلەکردنیدا بن... دەشێ ئەمە پەیامێکی غەیبی و ئەفسانەیی نێوان سروشت ومرۆڤ بێت !!! بەلاّم بەبارێکی تردا زانستی جیۆلۆجیا لە توێژنەوەو هەولی بێ پسانەوەدایە بۆتیشک خستنە سەرو بەرپێگرتن و یاخود کەم کردنەوەی کارەساتە سروشتیەکان...بەهەر بارێکدا بێت کارەساتێکی وا گەورەو کەم وێنەو دڵ تەزێن دەبێتە هۆی تەزوی ڕاچڵەکێنەری هەستی مرۆڤ و ناکرێت خۆمانی لێ بەدور بگرین و نەبێتە هۆی ئازارو ناسۆریەکی قووڵ ، هەلبەت ڕۆشنە ئەم کارەساتە سروشتیە نەیەکەمین و نە دواهەمین پەردەی شانۆی تراژیدیای مرۆڤایەتی دەبێت ، لەتافە جۆراوجۆرەکانی مێژووی درێژی بەشەری چەندەها کارەساتی لەم جۆرەو بگرە زۆر زیاتریش ڕویداوە بەلاّم بەهۆی تایبەتمەندیەکەوە کە خودی کەسێتی مرۆڤ هەیەتی، کە ئەویش لەبیر کردن و تێپەڕاندنی کارەسات و تەنگەژەکانە هەر ئەم تایبەتمەندیەیە کە بەردەوامی و بەرەو پێشچونی ژیان زامن و مسۆگەر دەکات...

بەلاّم هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاستیانەش دواجار ئێمە مرۆڤێن و دابڕاونین لە هەست و نەست ،بێبەش نین لەیادگاریە شیرین و تاڵەکان ، لەیادەوەریە جوان و ناشرینەکان ،کاتێک دەبیستین و دەبینین هاوڕەگەزەکانی لە چەشنی ئێمە بەچنگی بێ ڕەحم و بێ بەزەییانەی سروشتەوە بەرەو مەرگ لول دەدرێن و هەلمژینی هەناسەی ژیانیان لێ زەوت دەکرێت ، بەلێ لەو ساتەدا ئێمەی زیندو ،ئێمەی دڵ لێنەکەوتوو ،دلمان پڕ دەبێت لەحەسرەت وخوریە ،چاوانمان فرمێسکی تێدەزێت بۆ کۆستێک کە لێمان کەوتوە ،کۆستێک بۆ مرۆڤهایەک کە چیتر ژیان لەگەڵ ئێمەدا بەش ناکەن و مالئاوایی یەکجاریان لێکردین..

گرنگ نییە مرۆڤە ڕۆشتوەکان دەناسین یان نا !!! گرنگ نییە لە یەکێک لە برگەکانی ژیاندا ئاشنایەتیمان هەبوە لەگەلیان یان نا !!! بەلکو ئەوەی لەهەموو ئەوانە گرنگترە ئەوەیە کە ئەوانی مردوو وەکوو هەموو ئێمەی زیندوو دۆست و دڵسۆزیان هەبوەو هەیە ،وەکوو ئێمە

دڵخوازی تەمەنی درێژو ژیانی خۆشی وکامەرانی بوون ،بەڵام ئەفسوس بەخت یاریان نەبوو ژیانیانی پێچایەوەو بەرەو مەرگێکی ناوەخت و جەرگ بڕی بردن....
لەئاست کارەساتێکی واگەورەو هەژێنەردا ئێمەی بێ دەسەڵات هیچمان لە دەست نایەت جگە لە دەربڕینی هەستی پڕ حوزن و غەمباریەکی ئینسانی گەورە، کە ئەمەش بۆ خۆی نیشانەو بەڵگەی هاوچەشن ی ئێمەی ئادەمیزادەکانە لەم هەسارەیەیی زەویدا بەبێ لە بەرچاوگرتنی ڕەگەزو، میللەت و، ڕەنگ و ، دین و ،ناسنامە جۆراوجۆرەکانی تر......
بەڵام لە پەراوێزی ئەم تراژیدیاو مەرگەساتەدا ،خاڵی سەرنج ڕاکێش کە لەتەواوی میدیاکانی جیهانەوە ئاگامان لێی هەیە ،ئەویش ئەوەیە کە ژمارەیەک لەقوربانییانی ئەم کارەساتە سروشتیەدا کەسانێکی تۆریستی وولآتانی خۆرئاوایی بوون کە بۆ گەشت و گوزارو بردنە سەری پشوەکانیان چوبونە سەر کەنار دەریا بەهەشت ئاساکانی ئەو وولآتانە، هەڵبەتە دەبێ ئەوە بڵێم کە ژمارەیەک لەو تۆریستە خۆرئاواییانە بە تایبەتی پیاوەکانیان بەتۆریستی ( سێکسی ) ناوزەد دەکرێن،لەهەر حاڵدا ئەوە بابەتی من نییەو جگە لەوەش مرۆڤەکان ئازادن لەوەی چۆن زیندەگی دەکەن... ئەوەیی مەبەستمە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم ئەو تۆریستانەیە کە خەڵکی خۆرئاوان،چ ئەوانەی بوونە قوربانیی و گیانیان لە دەست دا ،چ ئەوانەی بریندارن و چ ئەوانەی ساغ و سەلامەت دەرچوون...دەبینین وولآتە جۆراوجۆرەکانی خۆرئاوا بە شێوازو ڕێگای هەمەجۆر ئالودەو خولیایی ئەوەن کەبەزوترین کات ولە نزیکترین فرسەتدا دەستیان ڕا بگات بە هاولآتیانی وولآتەکانی خۆیان بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بیانگەڕێننەوە بۆ ناو باوەشی کەس وکارو ئازیزانیان ،دەسەڵاتدارانی ئەم وولآتە خۆرئاوایانە لەهەوڵێکی بێ پەروادان بۆ بەدوا دا چون و گەڕان بەدوایی هاولآتیانی زیندوهەروەها مردوی وولآتەکانی خۆیان وسات لەدوایی سات هەواڵی جەرگ بڕو هاوکاتیش هەواڵی خۆشی و سەلامەتی هاولآتیانی خۆیان بە خەڵک ڕادەگەیەنن ،جگە لە مانەش هەر زو بەزوویی گروپی فریاگوزاریی و کۆمەک کردنیان پێکهێناو ڕەوانەی ئەو شوێنانەیان کردن کە کارەساتەکەی تێیدا ڕویداوە ،بەدەر لەمانەش نوسینگەی هات و چۆکان ئامادەیی خۆیی دەربڕی کە تەواوی ئەو کەسانەی سەلامەت وزیندون کاتێک دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان نەک هەر پارەی بلیتی سەفەرەکەییان بداتەوە بەڵکو ئامادەیە تەعویزی گیانی چەند بەرامبەرییان بداتێ ،نوسینگەکانی بیمەش بە هەمان شێوە هاوهەڵوێستی خۆیی دەربڕیی ،تەنانەت بەرپرسیاران پێشنیاری ئەوەشیان کردوە کە هەرچی خەرجی ومەسروفاتێکی تەلەفۆنی هەیە کە بەهۆیی ئەم کارەساتەوە کراوە لەهاولآتیان خۆش ببن و بەخۆڕایی بێت تاوەکوو تەواو بونی دوا ساتەکانی ئەم کارەساتە ،تەنانەت لە هەندێک شوێن حاڵ گەیشتە ئەوەیی کە لە شەوی سەری ساڵی نوێدا ئاهەنگ گێڕان و تەقاندنی یاری ئاگرینی نەکرێت ئەمەش وەک نواندنی هاوسۆزیەکی کەم وێنە بۆ قوربانیانی ئەم کارەساتە!!!!!
ئەم هەڵوێست و کردەوە مرۆڤدۆستانەی کۆمەڵگایانەی خۆرئاوا جێی دڵخۆشی و پشتگیری وسوپاس گوزاری کردنەو هاوکاتیش دەبێت داوایی زۆرترو چاوەڕوانی زیاتریان لێ بکرێت بۆ ڕێزگرتن و خزمەت کردنی گیانی هاولآتیان.......

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بۆ منی خۆرهەڵاتی دانیشتوی ئێستای خۆرئاوا کە بۆ چی کۆمەڵگاکانی ئێمە بەدرێژایی مێژووی خۆیان بەم جۆرە مامڵەیان لەگەڵ ئەندامانی خۆیان نەکردوە!! بۆچی بەم چاوی ڕێزونرخەوە نەیان ڕوانیوەتە هاوڵاتیانی خۆیان !! کۆمەڵگاکانی ئیمە نەک هەر بەم چاوی ڕێزەوە نەیڕوانیوەتە هاوڵاتیانی خۆی بەڵکو وێرانکەری چەندەها هیواو ئومێدی بێگەردیش بوە !! ئێمەی خۆرهەڵاتی ئەندامێکی هەتیوو کەس نەبوی ئەو کۆمەڵگا دڵ ڕەقانەی خۆمانین!!!

ئەوە دەسەڵات دارانی کۆن و تازەی ناوچەکانی خۆشمان نەک هەر بەدوایی غەمی ئەندامانی کۆمەڵگاو بەدەمەوە چونی هاوڵاتیانی ئەو سەر زەمینەوە نین، بەڵکو خودی ئەوانن کە داڕێژەری چیرۆکی برین و خوێنن ،وێرانکەری ڕوحی مرۆڤ و ، پێشێل کەری ژیانن ..دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگاکانی ئێمە لە ساتە نۆرم و ڕیتمە ئاساییەکانی ژیان نەک هەر کار ئاسانیان بۆ هاوڵاتیان نەکردوە بەڵکو هەمیشە هۆکارێک بون بۆ بچوک کردنەوەی دەروازەکانی ژیان ، شێوێنەری فەنتازیەکانی خەیاڵ بون ،ئەوان نەک لە کارەساتەکاندا یارمەتیدەری ئەندامانی کۆمەڵگا نەبون بەڵکو بۆ خۆیان سەرچاوەی سەرەکی کارەسات بون!!!!!!

ئەوە چ سەرزەمینێکی نەنگە کە ڕوحلەبەرەکانی وا بێ نرخ و بی بەها بن ،باشە بۆ نابێت کۆمەڵگاکانی ئێمەش لەچەشنی خۆر ئاوا بەهرەمەند بن لە هەموو ماف و ئازادیە خۆڕسکەکانی مرۆڤایەتی !!! بۆ دەبێت لەو کۆمەڵگایانەی خۆمان چەمکی ژیان هێندە قێزەون بیت کە مەرگ وزیندەگی تەنها تاڵە مویەک لە نیوانیاندا بیت!!!

پیم خۆش بوو لەدوا ڕۆژەکانی ئەم ساڵ و لە بەردەم وێستگە جۆراو جۆرەکان و ئەگەرە زۆرەکانی ساڵی تازەدا چەند ووشەیەکی کورتم تەنها بۆ یادەوەری بنوسیایە، بەڵام بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە کارەساتەکەی ئاسیا بەری بەکورتە نوسینێکی وا گرت !!! لەدواهەمین ڕۆژەکانی ئەم ساڵی گوزەر کراودا تەنها ئەوەندەم ماوە لەدەمی ( نیتشەوە ) بڵێم خۆشم دەوێن ئەوانەی دەژین بۆ ئەوەی تێبگەن !!!!!!